بەیانیتان باش بەڕێزان

سەرەتا دەخوازم سوپاسی (UN-HABITAT) بکەم بۆ کاری بەردەوامیان لە داڕشتنی ستراتیژی نیشتەجێبوونی هەولێر. هەروەها دەخوازم پێشوازییەکی گەرم بکەم لە دکتۆ جۆن کلۆز، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری (UN-HABITAT) و جێگری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بۆ یەکەم جار سەردانی کوردستان دەکات.

مایەی خۆشحاڵییە کە دەبینین هاوکاری نێوان ئێمە و (UN-HABITAT) بەرهەمی هەیە. ئەم کۆبوونەوە باڵایە ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی کە ئەم هاوکارییە سەرکەوتوو بووە. بێگومان بەردەوام دەبین لە کارکردن وەک یەک تیم بۆ پتەوکردنی ئەم هاوکارییە، چونکە ڕێگەیەکی درێژی پەرەپێدانمان لەبەرە.

سەرەڕای هەوڵە جۆراوجۆرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەرتی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بەدەست چەندین گرفتەوە دەناڵێنێت، لەوان کەمی خانوو، خراپی مەرجەکانی خانوو و کەمی خزمەتگوزاری.

گەشە و پێشکەوتنی ئەم دواییانەی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی، بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی داواکاری بۆ خانووبەرەی باشتر لەلایەن دانیشتوانی ناوخۆ کە لە گەشەی بەردەوامدایە لەگەڵ ئەو پەنابەرانەی لە شارەکانی ترەوە روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن. بەپێی داتاکانی (UN-HABITAT) پێداویستی بۆ خانوو نزیکەی ٢٨،٥٠٠ یەکەیە لەگەڵ ٧،٠٠٠ یەکە وەک پێداویستی ساڵانە. واتا ساڵانە پێویستمان بە ١٤،٠٠٠ یەکەی نیشتوجێبوون دەبێت بۆ ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو. دابینکردنی ئێستا نزیکەی ٤،٠٠٠ یەکەیە لە ساڵێکدا، وەک دەبینین کەلێنی نێوان خواست و خستنەڕوو زۆر فراوانە و پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی خێرا هەیە.

لە ۆرکشۆپی پێشووماندا لە ٩ – ١٠ تشرینی دووەم ٢٠١٠ پێشوازیمان لەو بیرۆکە عەمەلییانە کرد کە لە ستراتیژی خانووبەرەی هەولێردا خرانەڕوو،

که ئامانجی ئەم ستراتیژە بەرزکردنەوەی ژمارەی یەکەی نیشتەجێبوونی گونجاوە، بەتایبەتی بۆ ئەو گروپانەی کە داهاتیان نزمە.

بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتنی ستراتیژی نیشتەجێبوونی هەولێر و داڕشتنی ستراتیژێکی هاوشێوە بۆ هەموو هەرێمی کوردستان، چەندین کۆبوونەوەی بەدواداچوون ئەنجامدرا لەگەڵ هاوکارانمان لە حکومەتی هەرێم و (UN-HABITAT). دواتر تیمێکی کار پێکهێنرا کە نوێنەری وەزارەتەکانی پلاندانان، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، شارەوانی و گەشتوگوزار، دارایی و ئابوری، پارێزگای هەولێر، دەستەی ئامار و (UN-HABITAT) لەخۆدەگرێت. ئەم ستراتیژەی ئێستا و پلانی کاری تایبەت بەری رەنج و ماندووبوونی تیمی کارە، کە لەم دەرفەتەدا دەخوازم سوپاسیان بکەم:

- بەڕێزان مەها سابت، دافید ئۆڤری، بابار مومتاز، مەند ئیبراهیم، مازن ئەلنەجار لە (UN-HABITAT)
- بەڕێزان زاگرۆس فەتاح و هوشیار تەحسین عەزیز لە وەزارەتی پلاندانان
- بەڕێز زانا رەشید لە پارێزگای هەولێر
- بەڕێز سامان عەرەب سادق، لە دەستەی ئامار
- بەڕێزان سەروان حوسێن و تەمارا بوزاند قەرابیت، لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار
- بەڕێز عیماد ئەحمەد ئەمین لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن
- بەڕێزان بەشدار ئەحمەد حەبیب و گۆڤەند یوسف لە وەزارەتی دارایی و ئابوری

لەکۆتایدا پێویستە جەخت بکەینەوە لەوەی کە ئەم هاوکارییە شێوازێکە لە گواستنەوەی زانیاری و دەرفەتێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و (UN-HABITAT) لەبواری نیشتەبوون و

کێشە و چارەسەرەکانی. هەوڵ دەدەین کە ئەم رۆحی هاوکاریی کاری هاوبەشە بەردەوام بێت بۆ داڕشتنی ستراتیژێکی نیشتەجێکردن بۆ هەموو هەرێمی کوردستان.

سوپاس بۆ گوێگرتنتان